پەیوەندی نێوان تەکنەلۆجیا و یەکسانی لە مافدا:

# ماف،ئازادی و یەکسانی ژنان بەبێ هاوکاری پیاوان؟!

سردار عبدالكريم عبدالله-هۆڵەندا
Sardar24@hotmail.com

ماف هەموو کاتێ بوونی هەیە،بەڵام لە واقیعدا لە دوو سوورِ دادەژیت یەکیان سوورِی سرِبوونە ئەویتریشیان سوورِی ئەکتیڤیە،ماف هەروەک ئەم گلۆرە خرِەیە یان هەرتەنێکی تر لەکاتی وەستا هەست بەوزەکەی ناکەیت(وا خۆی نیشاندەدات مردووە و وزەیەکی تیادانیە)،بەڵام کە جولاندت و کەوتە دۆخی بزیۆی ئەوە ماتەوزەکەی دەبێتە وزەیەکی کارا و ئەوکاتە هەست بەم وزەیەی دەکەین.تا قەبارە و لێژی ئەو رووە یان هێزە پاڵنەرەی تەنە جولاوەکەی تیا دەجولێتەوە زیاتربێت ئەوە ماتە وزەکەی ئەم تەنە زیاتر دەبێت بە هێزێکی ئەکتیف،بە پێچەوانەوە تا قەبارەی تەنەکە بچوکتر و ئەوشوێنەی ئەم تەنەی تیا جێگیر دەکرێت قوڵتربێت ئەوەندەش ماتە وزە و بزربوونی ئەم هێزە زیاتردەبێت.مافیش بەهەمان ئەم پێوەرە فیزیاوییە وایە تا داوای نەکەیت تۆز و گەرد زیاتری لێدەنیشێت و لەوانەیە لە ئایندەدا ونبێت و لەبیر بچێتەوە،بەڵام تا بەزیندوی بمێنتەوە،هەمیشە بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و داوای لەسەربێت ئەوە ئەم مافە کاراتر دەبێت.دیارە بۆ هەموو کارێکیش کاردانەوە هەیە تا کارەکە بەهێزتربێت کاردانەوەکە بەهێزتر دەبێت،لەحالەتێک ئەگەر هێزی بەرامبەر هاوتای هێزی بزیۆ بێت(لە قەبارە و توانا)لەوانەیە گۆرِانکاریەکی بەرچاو بەدی نەکەیت،بەڵام لەدۆخێکدا ئەگەر قەبارە و هێزی بزیۆ لەقەبارە و هێزی کاردانەوە زیاتربوو ئەوە هێزی بزیۆ بەرامبەرەکەی رادەماڵێ،دەتوانێ کاریگەری کاردانەوەکە بەسەر رەوتی جولەکەی کەم کاتەوە،بە پێچەوانەشەوە ئەگەر توانای بەرپەرچ دانەوەی کاردانەوەکە لە هێز و توانای کارە بزیۆەکە زیاتربوو ئەوە جولەی تەنە بزیۆەکە کاریگەری کەمتر دەبێت و تەنە کاردەرەوەکە دەتوانێ کاردانەوەیەکی گەورەتری بەسەر تەنە بزیۆەکە هەبێ و بیوەستێنێ یان تێکوپێکی بدات،لە دۆخێکی تردا کاریگەری هێزی پاڵنەری(ئامرازەکانی یاریدەدەر)تەنە بزیۆەکە توانی هێزە بزیۆەکە زیاتردەکات و قەبارە رۆڵی نامینێ.لێرەوە بە هەمان یاسای فیزیاوی دەتوانین کاریگەری هەر داواکاریەکی (ماف) وا لێکبدەینەوە،هەرکاتێک توانرا قەبارە و زەمینەی جولە یان توانای پاڵنەر بزواندنی (ئامرازەکانی یاریدەدەر)هەر بزوتنەوەیەک بۆ وەدەستهێنانی هەر مافێک خێراتر و بەهێزتربکەین ئەوە توانای سەرکەوتن لەم ململانێیەدا زیاتردەبێت.لێرەدا مەبەستی سەرەکیمان لە هێنانەوەی ئەم پێشەکیە ئەوەیە بلێین ماف ئەوکاتە شێوە یاسای و بابەتیەکەی خۆی وەردەگرێت کاتێ کەداواتکرد،تاداوای نەکەیت ماف لە سورِی مت بوونە،بۆ بەدەستهێنان و ئەکتیفکردنی هەر مافێک دەبێ کۆمەڵێک هەنگاو بنێین کە

ئەویش دەکرێ بەراوردی بکەین بە قەبارە و هێزە پاڵنەرەکە یان ئاستی لاری گۆشەی ڕووەکە،بۆئەوەی ماف شێوە یاسایی و بابەتیەکەی خۆی وەربگرێ دەبێت :
⁕یەکەم جار داواکاریمان بۆ مافەکەمان هەبێت،ئینجا داواکەمان دیاری بکەین و هۆی داواکاریەکە بخەینە ڕوو،بەڵگەکان بۆ پشتیوانی لەو مافە ئامادەبکەین،پاشان بەرنامەیەک گەڵاڵە بکرێت بۆ بە میکانیزمکردن و خستنە ڕووی ئەم مافە و بەدواداچوونی.ئەم هەنگاوە سەرەتایانە ماف لە قۆناغی سڕبوون واتە(ماتە وزەیی)دەخاتە دنیای ئەکتیف و جولەوە، لێرەوە داواکردنی ئەو مافە شێوەیەکی بەرجەستە و زیندوی(یاسایی) دەبێت.
⁕قۆناغی دووەم هەوڵدانە بۆ کورتکردنەوەی(ماوە و کات)ی نێوان بەیاساییکردن و ددانپیانان بەم مافە،ئەویش کۆمەلێک فاکتەری جیاجیا دەبێتە هاندەر بۆ کورتکردنەوەی ئەم (کات و ماوە)یە.لێرەوە گرنگی ئەو فاکتەرانە لە خێراکردنی بزواندن(ئامرازەکانی یاریدەدەر) ئەم تەنە کە لێرە ناوی دەنێین(ماف) بەدیاردەکەون. تا فاکتەرە پۆزەتیفەکان زیاتربن ئەوە خێرایی و بزێوی تەنە جولاوەکە زیاتر دەبێت،دیارە بەپێ هەمان یاسایی فیزیاوی تا خێرای تەنەکە زیاتربێت (کات و ماوە) کورتر دەبێتەوە،هەروەها تا خێرای زیاتربێت توانای تەنە بزێوەکە زیاتر دەبێت،کاردانەوەش کەمتر کاریگەری بەسەر ئەم تەنە بزێوە دەبێت.
⁕قۆناغی سێیەم کە بەرەنجامە،وەک وتمان تا تەنە بزێوەکە زیاتر و خێراتر ببزوێت کاردانەوەی تەنە بەرامبەرەکان بەسەریەوە کەمتردەبێت.بەرەنجام دەکەوێتە سەر قەبارە یان توانای بزێوی تەنەکە،واتە بەدەستهێنانی(ماف) تەنها وابەستەنیە بە داواکردن و خستنە ڕوو بەڵکو بەندە بەکۆمەلێک هۆکاری تری یاریدەدەر.لێرەوە دەمانەوێ پەیوەندیەک لە نێوان ئەم پێشەکیە و مافی ژنان(مێینە)بخەینە ڕوو.ژنان و پیاوان کاتێ داوای یەکسانی لە نێوان ڕەگەزەکانی مرۆڤ دەکەن لە هەمان کاتیش داوای یەکسانی لە نێوان نەژاد،کەلتوور و بۆچونە جیاجیاکانی مرۆڤیش دەکەن،ئەم بابەتانە بەر قۆناغی یەکەم دەکەون،لێرەوە دەتوانین بلێین:ئەم داواکاریانە هەر لەگەل ڕادەگەێنرێن دەبنە (ماف) شێوەیەکی یاسایی و بابەتی دەگرنە خۆ،بۆیە دەبێت هەوڵبدەین بۆ هێنانەدی ئەم مافانە گرنگی بە قۆناغی دووەم بدەین کە بریتیە لە کورتکردنەوەی ماوە و کاتەکی نێوان ئەکتیفبوونی مافەکە و ددانپیانانی.پێداویستیەکانی ئەم خێراکردنەیە زۆرن دەکرێت دابەشی سەر چەند بوار و جۆریان بکەین.بەر لەوەش دەبێ بزانیین لەلایەن سەرجەم ئۆرگانەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەر ناوەندە بە ڕێژەیەکی جیا ئەو مافانەی پشتگوێ یان سڕکردوە یان ددانیان پینانێت.کەواتە دەبێت بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافە بیر لە سەرجەم بوارەکانی ژیان بکەینەوە تا بتوانین لە کۆتایدا مافەکانی ژنان بێتەدی،دەکرێت بپرسین چۆن؟ئافرەت جگە لەوەی مافی خوراوە،ئازار و چەسانەوەشی زۆرە،هەندێک لەو ئازارانە و چەوسانەوانە هەردوو ڕەگەز( پیاو وژن) تیایدا بەشدارن و هەندێکیشیان تەنها بەپلەی یەکەم ژنان دەگرێتەوە(بەتایبەتی لە کۆمەڵگا ئیسلامی و دواکەوتووەکان)بۆ

نموونە:ئەرک و ئازارەکانی کابانێتی،دایکایەتی،منداڵبون،..هتد ئەرکی سەرەکی ژنانن،ئەم ئەرکانە بەهۆی دواکەوتووی کۆمەڵگا،نەبوونی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو و بەکارنەهێنانی زانستی هاوچەرخ لە بوارە جیاجیاکانی ژیان وایکردووە ئەم ئازار و مەینەتیەی ژنان زۆر لەهی پیاوان زیاتر بێت،بۆیە جگەلەوەی کە پێویستمانە بەنووسین،لێکۆلینەوە و کۆڕو کۆبوونەوە هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری(کۆمەلآیەتی،سیاسی،فەرهەنگی، زانستی وئابووری) کۆمەڵگا بەگشتی و ژنان بەتایبەتی،لە هەمانکاتدا پێویستیمان زۆر زیاتر بەکەم کردنەوەی ئازارەکانی ژنان بەتایبەتی و پیاوان بەگشتی هەیە.کاتێک کە ژن وەک پیاوێک ئازاد دەبێ،بەلآم لەماڵەوە کۆنترین شێواز و ئامرازی چێشتلێنان،جلشوشتن و خۆشوشتن بەکاردەهێنێت،لەکاتی منالبووندا بەدواکەوتوترین شێوە لە ماڵەوە منالی دەبێت و پەروەردەی دەکات،دەبێت ئەم ئازادیە چ مانایەک بەو ژنە چەوساوە و ماندووە بگەێنێت کە ژیانی هەموو چەرمەسەری و ململانێیە؟(ئەم خاڵە پیاوەکانیش دەگرێتەوە)، بۆیە وای دەبینم بۆ ئەوەی بتوانین ئاستی مەینەتی و ئازارەکان دابەزێنین و یەکسانی لەماف بێنینەدی دەبێت بەر لەهەموو شتێک هەولبدەین:

*کۆمەڵگایەک ئامادەبکەین کە لە سایەی زانست و تەکنەلۆجیا تیایدا ژیان بۆ سەرجەم تاکەکانی ئاسانبکرێت،ئەویش دەبێت:

1- لە کوردستان گۆڕانکاری لە سیتەمی بیناسازی بکرێت.چونکە ئەو بینایانەی لە کوردستان دروستدەکرێن جگەلەوەی لە ڕووی زانستیەوە پڕ بە پێستی پێوەری بیناسازی هاوچەرخ نین،وەک پێویستیش ژمارەی خانوو بۆ ژیان بوونی نیە.بۆ نمونە:ڕێژەی ئەمان لەم خانوانە بەهۆی خراپی سیستەمی دابەشکرانی کارەبا،غاز،گەرمی وساردی...هتد زۆر کەمە،سەرباری ئەوەی ئەم کەموکورتیانە لەهونەری بیناسازی ئەرک و ئازارەکانی ژنان بەتایبەتی وخێزان بەگشتی لەناوماڵ زیاددەکەن،هەمیشە سەرچاوەی مەترسی و هەڕشەشن لەسەر ژیانیان، بۆنمونە: بە هۆی ئەم سیستەمەی بیناسازی و شێوەی نانکردن، بەکارهێنانی پریمز و ئامرازەکانی خۆگەرمکردنەوە هۆکارێکن بۆئەوەی رۆژانە دەیان کارەسات تووشی ژنان ببێتەوە.

2-ژنان(خێزان)ڕۆژانە بە هۆی نەبوونی خوێندنگایەکی یەک دەوامی بۆ منالەکانیان ڕووبەڕوی کۆمەڵێک کێشە و گرفت دەبنەوە.ئەم سیستەمە ئیداری و خوێندنە هەڵەیەی خوێندن لە کوردستان دەیان کێشەی دەرونی،ئابووری،کۆمەلآیەتی و کارەساتی گەورە لە کۆلآن و کوچەکان بە هۆی منالەوە لەدەرەوە بۆ ژنان دروست دەبێت(چ لە ناو خێزان چ لەگەل دەرودراوسێ چ لە نێو خۆی منالآن).لە ولآتانی پێشکەوتوو شێوازی بیاسازی و نەخشەی شار و گەڕەکەکان بۆتە هۆکارێک بۆ کەم بوونەوەی ئەم جۆرە گرفتانەی ژنان، منالەکان زۆربەی کاتەکانیان لە خوێندنگا دەبەنەسەر،لەخوێندنگاکان بە هۆی بوونی کاتی زۆر و مانەوایان لە یاری سەرشەقام و خۆپیسکردن و شەڕ دووردەکەونەوە،لەوێش بە شێوەیەکی زانستی فێری یاری و هونەری وێنەکێشان،مۆسیقاو...هتد دەکرێن،ئەم

سیستەمەی خوێندن کۆمەلێک ئەرکی لاوەکی و سەرئێشە و ئازار نەک هەر لە کۆڵ دایکان بەڵکە لە کۆڵ باوکان و دەوڵەتیش دەکاتەوە بۆ نمونە :کاتێ دایکێک منالەکەی کەمتر خۆی پیسدەکات کەمتر توشی جل شوشتن دەبێت،ئەگەر ئەم سیستەمەی خوێندن و یاریگە و شوێنی مەلە و کات بەسەربردن بۆ منالان دەستەبەربکرێت منالّ کەمتر توشی هەڵە و کێشە دەبێت لێرەوە خێزانیش کەمتر کات بۆ کاری لاوەکی و چارەسەری کێشە و ململانێی شەڕە منالّ و..هتد تەرخان دەکات.

3- بونی سیستەمێکی هاوچەرخی بانک و دراوی یان باج و داهاتی و چاودێری ئابووری وادەکات جۆرە متمانەیەک لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا و ناوەندە بازرگانیەکان دروست بێت،بەمەش هەموو خێزانێک دەتوانێ لە ڕێگای قەرز و سلفەوە وەک ولاتانی پێشکەوتوو پێداویستیەکانی ناومالّ دەستەبەربکات یان لەکاتی بێکاری ژیانی دابینبکرێ یان لەکاتی تەلاق و جیابوونەوە بژێوێکی هەبێ،بەم هەنگاوەش کەسێکی دەوڵەمەند و هەژار لەم کۆمەلگایەدا دەتوانن وەک هەلّی ژیانیان هەبێ(بەرەچاوکرانی جیاوازیەکانی ئاستی کەمالیات و ژیان)بەلام هەموو تاکێک دەتوانێ لە ئامێر و کەلوپەلە هاوچەرخەکانی ناومالّ بەهرەمەندببێ.بەمەش کابرایەکی کرێکاری خاوەن داهاتی دیاریکراو دەتوانێ بەهۆی قەرز و متمانەی بانکیەوە ئەم شتانەبکڕێ،بۆنمونە:کاتێ پیاوێک جلشۆرێکی کارەبای بۆ مالەوە دەکڕێ،بەمە کاتێکی چاک بۆ خێزانەکەی دەگەڕێنێتەوە،ساردکەرەوەیەک یان سەلاجەیەک یان هەرئامێرێکی تری کارەبای ناومالّ چەندین ئەرکی لابەلا لەکۆڵ ژنان وپیاوان دەکاتەوە.ئەم ئامێرانە دەیان ئازار نەک هەر لە کۆڵ ژنی ناومالّ بەڵکو لە کۆڵ سەرجەم تاکەکانی خێزانێک دەکاتەوە.

4-چاک بونی سیستەمی هاتووچۆ و گەیاندن و تەندروستی لە هەر ولاتێک وادەکات ئازارەکانی ژنان زۆر کەم بێتەوە بۆ نمونە لە کۆمەڵگایەکی وەک کوردستان ژنان لەکاتی زگپڕی و منالبوندا بەهۆی تاسەی زۆری ڕێگاوبانەکان و سەختی هاتووچۆ یان نەبوونی هۆکانی پەیوەندی تادەگەنە نەخۆشخانەیک تووشی دەیان مەترسی جۆراوجۆر دەبنەوە لە نەخۆشخانەکانیش بەهۆی نەبوونی کارەبا یان هۆلّ یان کادیری پێویست و تایبەت وادەکات ژنان نەک ئازار و مەینەتیەکانیان دەقات بێتەوە بەلکوژیانیشیان بکەوێتە مەترسیەوە.

چاک بوونی سیستەمی ئابووری،خوێندن،تەندروستی،بیناسازی، هاتووچۆ..هتد کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر بارودۆخی ژیانی هەموو تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە هەیە،لەوانەش ڕاستەوخۆ کاریگەری پۆزەتیفی دەبێت بەسەر کەمکردنەوەی ئازارەکانی ژنان و ڕێگا خۆشکەریش دەبێت بۆ بەدەستهێنانی زۆر لە مەفاکانیان.چۆن؟تا ئازارەکانی ژنان کەم نەکرێنەوە تامی ئازادیەکەیان ئەوەندە خۆش نابێ ،بۆنمونە کاتێ ژنێکی ئازاد لەکار دێتەوە،بەلام دەبێ سەرباری ئەم هەموو ماندووبوونەی لە ئیشەکەی لەمالەوە بەدەست جل بشوا و منالەکەی سەرمایەتی بەلام نەوت و غازی نەماوە،دەیەوێ بچێتە بازاڕ هۆکاری

گواستنەوە نیە و بازاڕێکی نزیکیش لێیەوە نزیک نیە ...هتد ئایە دەبێ بەلای ئەم ژنەوە تامی ئەو یەکسانی وئازادیە چۆن بێت؟بۆیە لەسەر هەموو ئەو بزوتنەوەو ڕێکخراوانەی خۆیان تەرخانکردووە بۆ خۆشگوزەرانی و یەکسانی نێوان پیاو و ژن (لەماف و ئازاد) بووندا ،پێویستە:

*لەسەنگەری هاوخەباتی لەگەل پیاوە بڕواننە مانای ئازادی و یەکسانی.خۆشگوزەرانی و یەکسانی لەماف و کارکردنی بۆ ژنان بەبێ چاکسازی لەسەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەمان نایەتەدی،ئەم هاوکێشەیە(1=1)ەکە من وەک پیاوێک هەرگیز ناتوانم منالم ببێ تا ئازارەکان سالێک بۆمن بێت و سالێک بۆ ژنەکەم،بەلام بە هۆی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیا و بەکارهێنانی لەژیانی رۆژانەی هەرتاکێک دەتوانرێت وا لە ژنێکی سک پڕبکرێت ئەم ئازارەی بۆ لە 10% دابەزێنرێت.بۆ ئەوەی ژنێک بتوانێ بە خۆشی و بێ پرتە وبۆلە میوانە تایبەتیەکانی بەڕێبکات پێویستی بەکات هەیە تا لەگەلیان دابنیشێ،ئامێرە کارەباییەکانی ناومال دەیان کاتژمێری بۆ مسۆگەردەکات ..هتد،بۆیە ناکرێت تۆ وا بە موجەڕەدی بڕوانیتە مافی ژنان،ژن لەسەنگەرێک وپیاو لەسەنگەرێک،ڕاستە ژنان جیهانی خۆیان هەیە و پیاوانیش بە هەمان شێوە،بەلام ئەو ڕوبەرەی کە هەردوولا لەسەری دەخولێنەوە و چالاکی ژیان ئەنجامدەن هەمان ڕوبەر و هامان ژینگە و هەمان زەمەنە.ئەم پرۆسە و پرۆژانەی کە ژنان وەک ژن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان بیری لێدەکەنەوە، پێویستی بە کۆمەلێک مەرج هەیە تا سەربگرێ،لەوانە خۆ جیانەکردنەوەیانە لە پیاوە (براکانی،کوڕەکانی،هاوڕێکانی،جیرانەکانی،هاوسەر و مرۆڤ)،بۆیە زیاتر لەسەر ڕێکخراوی( ژنان وپیاوان) پێویستە گرنگی بەم بوارانە بدەن :

هەولبدەن سیستەمی بیناسازی،بازاڕ و هاتوچۆ بەشێوەیەکی هاوچەرخانە چاکسازی و گۆڕانکاری تیابکرێت،ئەمەش هەر لە نەخشەسازی شارەکان و دیاریکردنی مەرجەکانی بیناسازی و پێشکەشکردنی هاوکاری مادی،هونەری و دانانی سەنتەری لێکۆلینەوە و زانیاری دەربارەی بیناسازی هاوچەرخ ئەرکی سەرەکی حکومەتە تا دەگاتە بچوکترین شت کەپەیوەندی بەم بوارە هەیە.

هەولبدرێت نەخۆشخانەکانی تایبەت بە بواری تەندروستی ژنان و منالبوون بەتایبەتی زۆربکرێت و بانکی زانیاری و ئامۆژگاری بکرێتەوە،ئەمەش ئەرکی حکومەتە.

هەولبدرێت سیستەمی گەیاندنی،گواستنەوە و ڕێگاوبان،ئامرازەکانی گواستنەوەی گشتی هەمەڕەنگ و هەرزان زۆر و ئاسان بکرێت،تا کاریگەریە نەگەتیفەکانی تاسە،دواکەوتن و کارەساتەکانی ڕێگاوبان لەکاتی هاتووچۆی ژنە دوگیانەکان کەم بنەوە،ئەمەش ئەرکی حکومەتە.

هەولبدرێت سیستەمی خوێندن و سیستەمی بەڕێوەبردنی و بیناسازی خوێندنگاکان بگوڕێت،کەئەمەش هەرئەرکی حکومەتە.

هەولبدرێت سیستەمی بانک و دارایی و باج و داهات لەولات شێوەیەکی هاوچەرخانە بەخۆوە ببینێت تا خێزانەکان بتوانن لە ڕێگای بیمە و مۆڵەتی منالبوون و دایکایەتی و قەرزی ناومال و ..هتد ئەرکی ژیان و پێداویستیەکانی ناومال دەستەبەربکەن.هەروەها چاودێری کردنی ئابووری و چۆنایەتی(کوالیتایت)ی بەرهەمەکان و کەلوپەلی ناومال بگرێتە ئەستۆ،ئەمەش هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی ئازارو کێشەکانی ژنان(خێزان) یان چاکردنی سیستەمی بازار و زۆرکردنی سۆپەرمارکێت ..هتد ،ئەمانەش ئەرکی حکومەتن.
چاکردنی سیستەمی پۆلیس و پاراستنی ئاسایش و ئارامی هاولاتیان کە هۆکاری سەرەکی کەمکردنەوە ئازار و شۆکی دەرونیە لەسەر دایکان(خێزان بەگشتی) و منالان،ئەمەش ئەرکی حکومەتە.
ئەم گۆڕانکاریانە وادەکەن تاکەکانی کۆمەل لەگەل نوێترین ئامێر و تەکنەلۆجیا و زانست مامەڵەبکەن ،جگەلەوەی هۆکارێکن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری تاک لە بوارەکانی ژیان هۆکارێکی سەرکیشە بۆ بەمەدەنی بوونی کۆمەڵگا و ڕەشکردنەوەی زۆر لە کاراکتەرەکانی پیاوەتییە تەقلیدیەکانی پیاو لەسایەی تەکنەلۆجیاوە،بۆ نمونە:لەسایە پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیاوە جیاوازیەکانی فسیۆلۆجی و هێز لە نێوان پیاو و ژن زۆر تەسک بۆتەوە،ژنێکی زۆر باریکەلانەی ناسک دەتوانێ وەک پیاوێکی زگ زلی کەتە بلدۆزەرێک زۆر گەورە بەچەند دوگمە و گیرێک بخاتەگەڕ و شاخێک تەخت بکات.لێرە رۆلی عەقل و شارەزایی و ئارەزوو دێتە پێشەوە ئەمەش هەموو ئەو مافانەی پیاوێک دەیبێ لەسایەی تەکنەلۆجیا و زانست بۆ ژنێکیش ڕەوایە.ئەم گۆڕانکاریانە ئەگەر نەبنە پاڵنەرێکی سەرەکی بۆ یەکسانی و ئازادی ژنان دەبنە سەرمایەیەکی گەورە بۆ کەمکردنەوەی بەشێکی هەرەزۆری ئازارەکانیان،هەنگاوێکی چاکیش دەبێت لەنزیک کردنەوەی یەکسانی لە ئەرک و مافدا.وەک دیاریشە ئەم ئامێرانە دەبنە هۆکارێک بۆ زیاتر گێرانەوەی کات و ئاسانکاری ژیان،ئەمەش هۆکارێکە بۆ زیادکردنی کات بۆ ئافرەتە چەوساوە و ئامێریەکانی کۆمەڵگا دواکەوتووەکان بۆ ئەوەی بتوانن گرنگی بەشتە تایبەتیەکانی ژیانی خۆیان بدەن وەک جوانی و جلوبەرگ ئەمەش وادەکات چاوی پیاوەکانیان تێربێت و گلەی بێماوەیش لە ژنانەکانیان نەکەن.
ئەمە دەمانخاتەسەر ئەو ڕایە کەوا دەبێت ئێمەی مروڤ(نێر و مێ)پێکەوە کاربکەین بۆ خۆشکردنی ژیان نەک وابیربکەینەوە کە پیاو و ژن دوو بلۆکی جیان ودەبێ لەیەک بکەونە سەنگەر.هاولاتیان لە ولاتە پێشکەوتووەکاندا نەیان توانی بگەنە ئەو ئاستە بەرزە لە ئازادی و یەکسانی،تا ئەو کاتەی زانست و تەکنەلۆجیا بەشێوەیەکی بەرچاو و ڕاستەخۆ بەشداری لە ژیانی مرۆڤ نەکرد .